# زاراوەی دەقی کراوە لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا

**فواد ڕەشید محەمەد** [I]

پرۆفسۆری یاریدەدەری زمان و وێژەی کوردی، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر

تاریخ دریافت: ۱۹ آبان ۱۳۹۷؛ تاریخ پذیرش: ۱۳ بهمن ۱۳۹۷؛ صص ۱۲۱-۱۲۹

## چکیده

اصطلاح متن گشوده یکی از اصطلاحات نقد ادبی معاصر است که از منقد و رمان‌نویس ایتالیایی، امبرتو اکو گرفته شده است. از دیدگاه اکو این اصطلاح به میزان امکان خوانش‌های متفاوت از یک متن بستگی دارد. متن گشوده به متنی ادبی گفته می‌شود که خوانش‌های متفاوتی را شامل شود و متن را از مرز معنایی مشخص و تعیین‌شده دور سازد. این اصطلاح به عنوان اصطلاحی نقادانه از مکتب پساساختارگرایی در چهارچوب آن دست از نظریه‌های نقد ادبی برآمد که به نقش خوانش اهمیت فراوانی می‌دادند. این موضوع مربوط به ماندگاری متن و چندگانگی خوانش است. مفهوم این اصطلاح مخالف «متن بسته» است که تفسیر یا خوانشی واحد و معین دارد و چند تفسیر را نمی‌پذیرد. برخی از منتقدان کرد در مراکز نقد ادبی، اصطلاح «متن گشوده» را از معنای اصلی خود که متضمن تفسیرهای متعدد از متن است، دور کرده‌اند و آن را در موضوعات دیگری غیر از حوزه‌ی اصلی به کار برده‌اند. برای نمونه، آن را با موضوع ترکیب ژانرهای ادبی در هم آمیخته‌اند. از این رو پژوهش حاضر به عنوان تحقیقی در حوزه‌ی «نقد نقد» نوشته‌های نقد ادبی کردی را که این دو اصطلاح «متن گشوده» و «آمیختگی ژانرهای ادبی» را با هم یکی انگاشته‌اند، نقد و بررسی می‌کند. در همین جا نیز اصطلاح «متن آمیخته» را برای آن دسته از متن‌هایی که دارای آمیزش زیبایی‌شناسانه هستند، پیشنهاد می‌کند. هدف اصلی این پژوهش از یک سو اصلاح معنا و کاربرد درست اصطلاح نقدی «متن گشوده» در تحقیقات ادبی، و از سوی دیگر مشخص کردن اشکالات مربوط به این اصطلاح در مقالات و نوشته‌های مربوط به نقد ادبی در زبان کردی است.

**واژگان کلیدی:** متن گشوده، نقد ادبی، خوانش‌های گوناگون، معناهای متعدد

## کورتە

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی ئامادەبوونی زاراوەی «دەقی کراوە» لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا. ئەم زاراوەیە زادەی قۆناغی پاشپێکهاتەخوازییە و لە چوارچێوەی ئەو تیۆرە ڕەخنەییانە هاتووەتە ئاراوە کە گرنگییان بە ڕۆڵی خوێنەرو کردەی خوێندنەوە داوە. لە دیدی ئیکۆوە ئەم زاراوەیە پەیوەستە بە ڕادەی توانایی دەق لە بەردەم خوێندنەوەی جیاوازەوە و لە سنووری مانایەکی دیاريكراودا نامێنێتەوە. کەچی هەندێك لە ڕەخنەگرانی کورد، زاراوەکەیان لە مانا و مەبەستی ڕاستەقینەی خۆی دوورخستووەتەوەو تێکەڵی بواری ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکانیان (تداخل الاجناس الادبیه) کردووە. لێکۆڵەر پێشنیاری زاراوەی «دەقی ئاوێتە»ی کردووە بۆ ئەو جۆرە دەقانەی کە لە ڕووی پێکهاتەی ئیستاتیکییەوە دوو ڕەگن. لە ڕەخنەی ئەدەبیی هاوچەرخدا، زاراوەی «دەقی کراوە» پەیوەستە بەو دەقانەی ڕێگە بە خوێندنەوە و ڕاڤەکاری جیاواز دەدەن. لە ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیدا هەندێ جار ئەم زاراوەیە لەم مانا ڕاستەقینەیەی خۆی دوورخراوەتەوە و تێکەڵ بە بوار و باسی جیاوازی دیکە کراوەوەکوو بابەتی «بەنێو یەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان». ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ شیکردنەوەی ئەم کێشەیە و هەڵسەنگاندن و ڕاستکردنەوەی بۆچوونی هەندێك لە نووسەرو ڕەخنەگرانی کورد.

**وشە سەرەکییەکان:** دەقی کراوە، ڕەخنەی ئەدەبی، ڕاڤەکاری جیاواز

[I] fuadrashid64@gmail.com

## ۱- پێشەکی

لە چوارچێوەی کاریگەربوونی بزاڤی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بە ڕەخنەی ئەدەبی جیهانییەوە، چەندین زاراوە و چەمکی ڕەخنەیی هاتووەتە نێوئەم بزاڤەوە. یەکێک لەم زاراوانە «دەقی کراوە»یە کە لە نووسەر و ڕۆماننووسی ئیتالی، ئیمبێرتۆ ئیکۆ وەرگیراوە. جێی سەرنجە هەندێ لە ڕەخنەگرانی کورد بە دروستی و بە ڕوونی مامەڵەیان لەگەڵ ئەم زاراوەیە نەکردووە، لێرەوە ئەم توێژینەوەیە بەدیارخستنی ئەم ناڕوونییە و دواتر ڕوونکردنەوەیشی بە ئەرکی خۆی دەزانێت. توێژینەوەکەمان دەچێتە نێو بازنەی ڕەخنەی ڕەخنەوە، ئەمەش بوارێکی گرنگیی مەعریفییانەی گوتاری ڕەخنەی ئەدەبییە، لەم میانەدا توێژەر، پێداچوونەوەی بۆهەندی لەو نووسینانە کردووە کە زاراوەی «دەقی کراوە» یان بە مانای دروستی ڕەسەنی خۆی بەکار نەهێناوە. ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە کە لە ڕووی زاراوەناسییەوە لە بواری ڕەخنەی ئەدەبییدا، بەوردیی و زانستییانە مامەڵە لەگەڵ زاراوەی دەقی کراوە بکەین. توێژینەوەکەمان بەسەر دوو تەوەردا دابەشکردووە: تەوەری یەکەم تەرخانکراوە بۆ ڕوونکردنەوەی مانا و مەبەستی زاراوەی «دەقی کراوە» لای ئیکۆ کە بە داڕێژەری زاراوەکە دادەنرێت. لە تەوەری دووەمیشدا هەڵسەنگاندنێك بۆ ڕاوبۆچوونی چەند نووسەرێکی کورد کراوە، کە بە بۆچوونی ئێمە وردەکارانە و زانستییانە مامەڵەیان لەگەڵ زاراوەی ناوبراو نەکردووە.

## ۲ـ زاراوەی دەقی کراوە و ئێمبێرتۆ ئیکۆ

ڕەخنەگر و ڕۆماننووسی ئیتاڵی، ئێمبێرتۆ ئیکۆ (۱۹۳۲ـ ٢٠١٦)، بە داڕێژەری زاراوەی دەقی کراوەو دەقی داخراو دادەنرێت. ئیکۆ بۆ یەکەمین جار زاراوەی دەقی کراوەی لە ۱۹۵۸ بەکارهێناوە ئەمەش لەمیانی بەشداریکردنی لە هەژدەیەمین کۆنگرەی زانستی بۆ بابەتی فەلسەفە (إیکو، ٢٠٠١: ٦ـ٧) دواتر ئیکۆ وردەکاریی بیرو بۆچوونەکانی دەربارەی هەردوو زاراوەی ناوبراو لە دوو توێی کتێبێکدا بەناوی بەرهەمی کراوە (Opera Aperta) خستووەتەڕوو (إیکو، ٢٠٠١: ٧). سەرەتا ئیکۆ ئەم زاراوەیەی لە بواری مۆسیقاوە وەرگرت و نموونەی لەو جۆرە مۆسیقایەوە هێناوەتەوە کە «ڕاڤەی ژەنیار واتایەکی تازە بە دەقی مۆسیقا دەبەخشێ» (ئەحمەدی، ٢٠٠٥: ٢٧٨). ئیکۆ لە ڕوونکردنەوەی زاراوەی بەرهەمی کراوەدا پشتی بە چەند کارێکی مۆسیقای کلاسیکی بەستووە کە نووسەرەکانیان پەراوێزێکیان بۆ ژەنیارەکان بەجێهێشتووە کە لەکاتی ژەنیندا بتوانن چەند بڕگەیەکی بژەنن (إیکو، ٢٠٠١: ٧). ئەمە پێچەوانەی ئەو کارانەی کە تەواو پابەندن بە چەند یاسا و ڕێسایەکی جێگیر و نەگۆڕەوە. ئیکۆ لە بەرهەمی کراوەدا

نموونەکانی تەنها لە بواری مۆسیقا نەبوو، بەڵکو سوودی لە بواری وێنەکێشان و پەیکەرتاشیش بینیوە (بوعزیز، ٢٠٠٨: ٣٠). بەڵام دواتر ئیکۆ لە ساڵی ١٩٧٩دا کتێبێک بە ناوی *خوێنەر لە حیکایەتدا* بڵاوکردەوە. لەم کتێبەدا پتر گرنگی بە کردەی خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی ئەو دەقانە داوە کە دەقی زمانیین (النصوص اللغوية). هەر وەکوو خۆی لە پێشەکی ئەم کتێبەیدا دەڵێت

> ئامانجی ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیە لە دیاردەی گێڕانەوەی زمانیی، بەو پێیەی جێی ڕاڤەکارییە لەلایەن خوێنەرەوە، ... لەم کتێبەدا باس لە نموونەی دەقی بیستراو بینراو، ... هتد ناکەم هەروەکو لە کتێبی (بەرهەمی کراوە)دا وامکردبوو، بەڵکو لێرەدا ئامانجم تەنها لێکۆڵینەوەی دەقە زمانییەکانە ... هەوڵدەدەم لەم کتێبەدا ئەوە شرۆڤە بکەم کە چۆن لە دەقێك تێدەگەین، نەك چۆن لە بەرهەمێکی هونەریی تێبگەین، نکۆڵیی لەوە ناکەم کە چەند سەرنجێکم دەربڕیوە، دەکرێ بەشداریی بکات لە گەشەپێدانی ئیستاتیکای ڕاڤەکاری و کردەی وەرگرتنی خوێنەر. (إيكو، ١٩٩٦: ٩)

## ٢-١- دەقی کراوە و چەمکی کرانەوە

زاراوەی دەقی کراوە یان بەرهەمی کراوە، زاراوەیەکی ڕەخنەیی نوێیە و بە شێوەیەکی گشتی دەکەوێتە نێو بازنەی ئەو ئاڕاستە و میتۆدە ڕەخنەییانەی کە گرنگیی بە ڕۆڵی خوێنەر و کردەی خوێندنەوە و ڕاڤەکاری دەدەن. ئیکۆ لە پێشەکی کتێبەکەیدا *خوێنەر لە چیرۆکدا* ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە کتێبی *بەرهەمی کراوە*دا پتر سەرقاڵی ئەوەبووە لەو چۆنێتییە تێبگات کە بەرهەمێکی هونەریی وا لێدەکات ڕێگە بە ڕاڤەکردنێکی ئازادانە بدات (إيكو، ١٩٩٦: ٧). کەواتە چەمکی کرانەوە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ڕادەی کرانەوەی دەق لەبەردەم کردەی ڕاڤەکاری و خوێندنەوەی جیاوازدا، هەڵبەتە هەموو دەقەکان توانای کرانەوەیان نەك هەروەکو یەك نییە، بەڵکو هەندێ دەق خوێندنەوەیەکی دیاریکراو هەڵدەگرن و ڕێگە بە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی جیاواز نادات، ئیکۆ ئەم جۆرە دەقانەی بە «دەقی داخراو» لە قەڵەمداوە (تشاندلر، ٢٠٠٢: ١٤٠).

## ٣- زاراوەی دەقی کراوە لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا

ئاشکرایە ڕەخنەگرانی کورد ـ بە پێی قۆناغ و دەرفەت ـ بەشێوەی جیاواز هەوڵیانداوە زاراوەکانی ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخ بە خوێنەری کورد ئاشنا بکەن، چ لەڕووی تیۆرییەوە بێت یاخود پراکتیزەکردنی ئەم زاراوانەوە بێت لە میانی لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەییدا. لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەرنجی بەرهەمی نووسەر و ڕەخنەگرانی کورد بدەین، تێبینی دەکەین ئامادەبوونی زاراوەکە لای هەندێکیان بە شێوەیەکە پێویستی بە ڕوونکردنەوەیە. بۆ نموونەیەکی ئەم دۆخە بە پێی زنجیرەی مێژوویی باسی چەند نووسینێك دەکەین کە تایبەتن بەم بابەتەوە.

## ٣ـ١ـ ڕەخنە لە بۆچوونی نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد لە هەوڵی ناساندنی زاراوەی دەقی کراوەدا نووسیوێتی «دەقی کراوە ... بە عەرەبی (النص المفتوح) ... زاراوەیەکی ڕەخنەیی نوێیە و ... ڕۆماننووس و سیمۆلۆژیستی ئیتالی ئۆمبرتۆ ئیکۆ (١٩٣١،....) ئەم زاراوەیەی داهێناوە و کتێبێکیشی بەو ناونیشانە چاپ کردووە، مانای ئەم زاراوەیە پێوەندی بە ڕاڤەکردن و تەئویلی تێکستی ئەدەبی و هونەرییەوە هەیە، بەو پێیەی تێکست کراوەیە لەوەی چەند مانا و چەند تەئویل هەڵدەگرێت...» (ئەسوەد، ٢٠١١: ٣٤٥ـ٣٤٦). هەر لە درێژەی ناساندنەکەدا دەڵێت: «لە بەرانبەر دەقی کراوە و دەقی داخراوی ئیکۆدا، ڕەخنەگری فەڕەنسی ڕۆلان بارت (١٩١٥ـ١٩٨٠) دوو زاراوەی دیکە دادەهێنێت کە بریتیین لە: «دەقی خوێنراو» و «دەقی نووسراو». دەقی کراوە لەلای ئیکۆ لە مانادا نزیك دەبێتەوە لە دەقی خوێنراو لەلای ڕۆلان بارت، دەقی داخراویش هاوشانی دەقی نووسراوە» (ئەسوەد، ٢٠١١: ٣٤٩).لێرەوە جێی سەرنجە کە:

ئەلف. بە ڕوونی زاراوەی دەقی کراوەی بە خوێنەر نەناساندووە و کاتێکیش دەڵێت: «بەو پێیەی تێکست کراوەیە لەوەی چەند مانا و چەند تەئویل هەڵدەگرێت» (ئەسوەد، ٢٠١١: ٣٤٦)، دوو بۆچوون دێتە بەر زەینی خوینەر، یەکەمیان کە تێکستی کراوە، واتا ئەو دەقەی چەند خوێندنەوەیەك هەڵدەگرێت، دووەمیشیان ئەوەیە وای نیشان داوە کە دەق بە گشتی کراوەیە، ئەمەش حوکمێکی ڕەهایە، چونکە هەموو دەقێکی ئەدەبی دەقێکی کراوە نییە.

بێ. تا ناوی ڕۆلان بارت-ی نەهێنابوو، هیچ ئاماژەیەکی بە «دەقی داخراو» لای ئیکۆ نەداوە و کاتێکیش زاراوەکانی دەقی خوێنراو و دەقی نووسراو دێنێتە ئاراوە، هێندەی تر بابەتەکە لای خوێنەر لێڵ و تەماوی دەبێت، چونکە خودی زاراوەکانی ڕۆلان بارتیشی ڕوون نەکردۆتەوە.

## ٣ـ٢ـ ڕەخنە لە بۆچوونی حسەین لەتیف

حسەین لەتیف لە وتاری «دەق لە چاوەڕوانی خوێنەردا» باسی زاراوەی دەقی کراوەی کردووە و بە دروستی مانای زاراوەکەی گرێنەداوەتە بابەتی بوونی خوێندنەوەی جیاوازی دەقی ئەدەبییەوە. لەم چوارچێوەیەدا لە ڕێگەی وروژاندنی پرسیاری «ئایا دەقی کراوە بریتییە لەوەی دەقنووس بە بڕیارێکی پێش وەختە دەینووسێت؟» (لەتیف، ٢٠١٧: ٩٣). لە گۆشەنیگای ئەم پرسیارەوە ڕەخنە لە شێرکۆ بێکەس-ی شاعیر دەگرێت کە دەقەکانی «ملوانکە»ی بە «دەقی واڵا» ناوبردووە، ناوبراو دەڵێت: «ئێمە کۆمێنتمان لەسەر ئەزموونی ملوانکە هەیە». کۆمێنتەکەی لەسەر ئەو تێبینییەیە

کە شێرکۆ بێکەس سەرەتای کتێبی *ملوانکە* لە ناساندنی ئەم بەرهەمەی خۆیدا نووسیوێتی «ئەم کتێبەشم هەر ناوناوە دەقێکی واڵا! بەڵام من مەبەستم لە تێکستی واڵا و کراوە چییە؟! لە سادەترین پێناسەکردندا. ماڵێکە نە یەك بابەت و نە یەك فۆڕمی دیاریکراوی تیا ناژی هیچ کام لە شیعر و چیرۆك و پەخشان و پەخشانە شیعر و شانۆنامە خاوەنی هەموو ماڵەکە نین» (بێکەس، ٢٠٠٧: ٦). حسەین لەتیف ڕەخنەی لەم تێبینییەی شێرکۆ بێکەس گرتووە و نووسیوێتی «ئەم تێگەیشتنە بۆ دەقی واڵا تێگەیشتنێکی هەڵەیە، تێگەیشتنەکەی شێرکۆ بێکەس بۆ دەقی کراوە دوور و نزیك پێوەندی بە تیۆرییەکەی ئیکۆوە نییە» (لەتیف، ٢٠١٧: ٩٧).

ناوبراو لە بەردەوامیی ڕەخنەگرتنەکەیدا دەڵێت: «ئەگەر شێرکۆ بێکەس وەك پێویست ئاگاداری ڕەخنە بوایە، ئەوە ئەو کۆمێنتەی بۆ کتێبی *ملوانکە* نەدەنووسی». لە ڕاستیدا لێرەدا تێکەڵکارییەك لە نێوان زاراوەی «دەقی کراوە» و «دەقی واڵا» کراوە و حسەین لەتیف بە وردیی سەرنجی ئەزموونی شیعریی شێرکۆ بێکەسی نەداوە. ئەوەی ئاگاداری ئەزموونی شیعری شێرکۆ بێکەس بێت تایبەتمەندییەك لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیدا بەدی دەکات، ئەویش ئەوەیە کە شێرکۆ بێکەس خۆی لە هۆشمەندییەکی ڕەخنەییەوە، بۆ هەر بەرهەمێکی خۆی زاراوەیەکی ڕەخنەیی لەسەر بەرگی بەرهەمەکە داناوە. لە تەماشاکردنێکی خێرایی لیستی بەرهەمەکانی شێرکۆ بێکەس دا بە ئاشکرا ئەم تایبەتمەندییە بەدی دەکەین.

| | |
|---|---|
| *تریفەی هەڵبەست* | شیعر |
| *کەژاوەی گریان* | شیعر |
| *کاوەی ئاسنگەر* | شانۆنامەی شیعری |
| *من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ* | شیعر |
| *ئاسك* | شانۆنامەی شیعری |
| *کازیوە* | پۆستەرە شیعر |
| *دوو سروودی کێویی* | شیعری درێژ |
| *ڕووبار* | چیرۆکە شیعر |
| *کەشکۆڵی پێشمەرگە* | شیعری موقاوەمەت ٢ بەرگ / شاخ |
| *داستانی هەڵۆی سوور* | قەسیدەی درێژ / شاخ |
| *ئاوێنە بچکۆلەکان* | کورتە شیعر / شاخ |
| *تەمتوومان* | شیعری درێژ |
| *دەربەندی پەپوولە* | شیعری درێژ |
| *ئافات* | شیعر |

| | |
|---|---|
| *مێرگی زام مێرگی هەتاو* | شیعر |
| *خاج و مارو ڕۆژ ژمێری شاعیرێ* | ڕۆمانە شیعر |
| *بۆننامە* | قەسیدەی درێژ |
| *چراکانی سەرهەڵەموت* | پەخشان |
| *نسێ* | شیعر |
| *ژن و باران* | شیعر |
| *ڕەنگدان* | قەسیدەی درێژ |
| *لە چلەی چل چرایەکدا* | پەخشانە شیعر |
| *خۆم ئەو وەختەی باڵندەم* | شیعر |
| *پاییزە میوان* | شیعر |
| *کوکوختیە بزێوەکە* | چیرۆك بۆ منداڵان |
| *گۆڕستانی چراکان ڕۆمانە شیعر* | ڕۆمانە شیعر |
| *ئێوە بە خۆشەویستیم ئەسپێرن* | شیعر و پەخشان |
| *سرووده بەردینەکان* | چیرۆکە شیعر یان تێکستێکی واڵا |

بوونی ئەم زاراوانە لە بەرانبەر هەر بەرهەمێکدا، کە ئاماژەن بۆ ناسنامەی ژانرێتی دەقەکان، کارێکی هەڕەمەکیانە نییە و زادەی هۆشمەندیی و دەرك پێکردنی شاعیرە بە جیاوازیی پێکهاتەی جوانیناسانەی دەقەکان. پێمان وایە ڕەخنەگرتنەکەی حسەین لەتیف لە شێرکۆ بێکەس لەوێوە سەرچاوەی گرتووە حسەین تەنها بەیەك مانا تەماشای وشەی «واڵا»ی کردووە، بەڵام وشەکە پتر لە مانایەکی هەیە. لە ڕووی فەرهەنگەوە وشەی واڵا ئەم مانایانەی هەیە:

واڵا: پارچەی شتی ڕەنگاو ڕەنگ کە منداڵان دەیکەن بە جلوبەرگی منداڵانە (خاڵ، ۲۰۰۵: ٤٨٨)؛

واڵا: ئاواڵە (هەژار، ۱۳۸۱: ۹۰۵)؛

ئاوەڵە: وەکرێ، واڵا، کراوە، دژی داخراو (هەژار، ۱۳۸۱: ۱۳).

وەك دیارە وشەی (واڵا) بە تەنها دوو ماناو مەبەست دەگەیەنێت:

ڕەنگاو ڕەنگی و هەمە جۆریی.

کراوە، دژی داخراو.

کاتێ شێرکۆ بێکەس لە پێشەکیی *ملوانکە*دا دەڵێت مەبەستم لە زاراوەی تێکستی واڵا، ماڵێکە یەك و بابەت و یەك فۆرمی دیاریکراوی نییە، بەو مانایەی زۆربەی ژانرەکانی هونەر و

ئەدەبی تیادا کۆکراوەتەوە، لێرەدا بەدیار دەکەوێت وشەی «واڵا» لای بێکەس بە مانای «هەمە جۆریی و هەمە ڕەنگیی» بەکارهاتووە، بەکارهاتنەش لە شوێنی شیاوی خۆیدایە، پێمان وایە شێرکۆ بۆ پتر بەرچاوڕوونیی خوێنەر ئەم ڕوونکردنەوەی نووسیوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، دەرکی بەوە کردووە کە زاراوەی «دەقی کراوە یان واڵا» مانای دیکەشی هەیە. زیاد لەمەش شێرکۆ بێکەس زاراوەی «چیرۆکە شیعر» یان «تێکستێکی واڵا»ی بۆ بەرهەمی «سرووده بەردینەکان» بەکارهێناوە. (بێکەس، ٢٠٠٥: ٥) لێرەدا ڕوونتر بەدیار دەکەوێت کە مەبەستی بێکەس لە زاراوەی «تێکستی واڵا» ئاوێتەبوونی ژانرەکانی ئەدەب و هونەرە لە دوو توێی دەقێکی ئەدەبییدا. لە ئاست ئەم کێشە زاراوەییەدا پێمان باشترە زاراوەی «دەقی ئاوێتە» بۆ ئەو دەقانە بەکاربهێنرێت کە پێکهاتە جوانیناسانەکەیان فرەژانرە و زاراوەی دەقی «واڵا» و «کراوە» بە مانا ئیکۆییەکەی بەکاربهێنرێت.

## ٣-٣- ڕەخنە لە بۆچوونی ئیدریس عەبدوڵڵا

ئیدریس عەبدوڵڵا لە باسکردن و شرۆڤەکردنی هەردوو زاراوەی «دەقی داخراو و کراوە»دا ئەگەرچی ئاماژەی بەوە داوە زاراوەی «دەقی کراوە» و «داخراو» پەیوەستن بە بوونی مانا و خوێندنەوەی جیاواز بۆ یەکەمیان و یەك مانایی بۆ دووەمیان، بەڵام زمانی داڕشتنی دەربڕینەکەی بەشێوەیەکە، وەك بڵێی پرۆسەی مانا و لێکدانەوەی جیاواز، چالاکییەکی دەستکردە، بکەری سەرەکیی خوێنەرە. بۆ نموونە بۆ «دەقی داخراو» نووسیوێتی: «دەق لەسەر تەنیا یەك واتا کورتبکرێتەوە و کۆشش نەکرێ بۆ ئەوەی زیاتر لە واتایەکی لێ وەربگیرێ» (عەبدوڵڵا، ٢٠١٨: ٦٦). بەڵام لە کردەی بوون و نەبوونی خوێندنەوەی جیاوازدا، بەر لە خوێنەر خودی دەقەکە، ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە چۆنێتی و چەندایەتی ئەم کردەیە. دواتر ناوبراو هەردوو زاراوەی «دەقی کراوە و داخراو»ی تێکەڵی هەندێ بابەتی دیکە کردووە کە لە بنچینەدا هەردوو زاراوەکە لەلایەن ئیکۆوە بۆ ئەم مەبەستانە بەکارنەهاتوون. بۆ نموونە باسی زاراوەی دەقی داخراوی تێکەڵ بە دیدی فۆرمالیستەکانی ڕووس کردووە. (عەبدوڵڵا، ٢٠١٨: ٦٦)

لە ڕاستیدا فۆرمالیستەکانی ڕووسیا داهێنەر و بەکارهێنەری زاراوەی «دەقی داخراو» و «دەقی کراوە» نین. ئەوان باسی ڕۆڵی خوێندنەوە و لێکدانەوەی جیاوازیان نەکردووە، فۆرمالیستەکان پێیان وابووە ئیستاتیکای دەق پەیوەندە بە بنیاتی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی خودی دەقی ئەدەبییەوە و پەیوەست نییە بە ژین و ژینگەی نووسەرەوە. بە واتایەکی دی، جگە لە بنیاتی زمانیی دەق، بڕوایان بە واقیعی دەرەوەی ئەم بنیاتە نەبووە، چونکە دیدیان بۆ چەمکی ئەدەب بەو شێوەیە بووە کە ئەدەب سیستمێکی زمانیی تایبەتمەندە (إیغلتن، ١٩٩٢: ٨) .

### ۳-۴ـ ڕەخنە لە بۆچوونی سەنگەر نازم حوسێن و ڕێزان سالح مەولود

سەنگەر نازم حوسێن و ڕێزان سالح مەولود لە ژێر ناونیشانی «ئاوێتەبوونی ژانرەکان» باسی حاڵەتی بەنێو بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان دەکەن و لێرەوە بابەتەکەیان تێکەڵ بە زاراوەی «دەقی واڵا»ی ئیمبێرتۆ ئیکۆ دەکەن و دەنووسن «کارەکانی ژیرار ژێنێت کە باس لە دەقی باڵابوو، یا باڵابوونی دەق دەکات، شێوەیەکە لە شێوەکانی تێکەڵاوبوونی ژانرە ئەدەبییەکان، هەروەها ئیمبرتۆ ئیکۆی ڕەخنەگر و ڕۆماننووسی ئیتالی، کە یەکەمین کەسە بە شێوەیەکی پراکتیکی زاراوەی دەقی واڵای بۆ شیکردنەوەی دەقە چیرۆکییەکانی جێمس جویس بەکارهێناوە، کۆششێکی دیکەیە لەبارەی چەمکی تێکەڵاوبوونی ژانرەکاندا» (حوسێن، ۲۰۱۸: ۱۰۵). ئاشکرایە لێرەدا بابەتی بەنێو یەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان تێکەڵ بە زاراوەی «دەقی واڵا» کراوە، ئەمەش دوورە لە مەبەستی ئیکۆوە لە بەکارهێنانی زاراوەی دەقی کراوە، چونکە ئەم زاراوەیە لای ئیکۆ، پەیوەستە بە جەمسەرەکانی کردەی لێکدانەوە و ڕاڤەکردنەوە کە لە دەق و خوێنەر پێکدێت. بە دەربڕینێکی دی، زاراوەکە گوزارشت لە پەیوەندی دیالێکتیکیانەی نێوان دەق و ڕاڤەکارەکەی دەکات (إیکو، ۲۰۰۱: ۱۵).

## ۴- ئەنجام

زاراوەی «دەقی کراوە» ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە کردەی بوونی توانای دەق لەبەردەم خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی جیاوازدا. لە نێو ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، هەندێ لە نووسەران زاراوەی دەقی کراوەیان تێکەڵ بە چەند بابەت و بوارێکی جیاواز کردووە، لەو بابەت و بوارەی کە ئیمبرتۆ ئیکۆ داڕێژەری زاراوەکە بۆی دیاریکردووە. وەکو نموونەیەك لەم تێکەڵکارییە، هەندێ لە ڕەخنەگرانی کورد، زاراوەی دەقی کراوە یان تێکەڵ بە باسەکانی «بەنێو یەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان» کردووە. توێژەر پێشنیازی زاراوەی «دەقی ئاوێتە» دەکات بۆ ئەو دەقانەی کە جۆرێکە لە ئاوێتەبوونی ژانرەکانی ئەدەب و هونەر، ئەمەش بە پێچەوانەی هەندێك کە دەقی واڵایان بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێناوە. باشتر وایە زاراوەی دەقی واڵا یان دەقی کراوە بە مانا ئیکۆییەکەی بەکار بهێنرێت.

## سەرچاوەکان

**ئەلف. کوردی**

ئەحمەدی، بابەك (٢٠٠٥). *پێکهاتە و ڕاڤەی دەق*. کتێبی دووهەم. وەرگێڕانی: مەسعوود بابایی هەولێر: سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبیی نما.

ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠١١). *فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی*. سلێمانی: بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

بێکەس، شێرکۆ (٢٠٠٥). *سرووده بەردینەکان*. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

--- (٢٠٠٧). *کتێبی ملوانکە*. سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج.

حوسێن، سەنگەر نازم، ڕێزان ساڵح مەولود (٢٠١٨). *ژانرە ئەدەبییەکان*. هەولێر: ناوەندی ئاوێر.

حسەین، لەتیف (٢٠١٧). «دەق لە چاوەڕوانی خوێنەردا». *ڕامان*. ژ. ٢٤٤، ل. ٩٣ ـ ٩٨.

خاڵ، شێخ محەمەدی (٢٠٠٥). *فەرهەنگی خاڵ*. هەولێر: دەزگای ئاراس.

عەبدوڵڵا، ئیدریس (٢٠١٨). *دەقناسیی ئەدەبی کوردی*. هەولێر. ئەکادیمیای کوردی.

هەژار، عبدالرحمن شرفکندی (١٣٨١). *هەنبانە بۆرینە (فرهنگ کردی ـ فارسی)*. تهران: سروش.

**بێ. عەرەبی**

إيكو، أمبرتو (١٩٩٦). *القارئ في الحكاية*: ترجمة: أنطوان أبوزيد. بيروت: المركز الثقافي العربي.

--- (٢٠٠١). *الأثر المفتوح*. ترجمه: عبدالرحمن بوعلي. دمشق: دارالحوار.

إيغلتن، تيرى (١٩٩٢). *مقدمة في النظرية الأدبية*. ترجمه: ابراهيم العلى. بغداد: دار الشؤون الثقافية.

بوعزيز، وحيدبن (٢٠٠٨). حدود *التأويل*. بيروت: منشورات لاختلاف.

تشاندلر، دانيال (٢٠٠٢). *معجم المصطلحات الأدبية في علم العلامات*. ترجمة: شاكر عبدالحميد. القاهرة: أكاديمية الفنون.